سوالکەر و فاڵگرەوە و ئەوانەی لەبەردەم پیشانگای ئۆتۆمبێلان کاردەکەن دەستگیردەکرێن



ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بڕیاریداوە

لەمەودوا سوالکەر و فاڵگرەوە و ئەوانەی لەبەردەم پیشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێلان کاردەکەن و لە ترافیکەکان کڵ و پێڵ دەفرۆشن دەستگیردەکرێن.

پارێزگای هەولێر ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاند، بە فەرمانی پارێزگاری هەولێر، لەسەر داواکاری و گلەیی و گازاندەی هاوڵاتییان و لەپێناو نەهێڵانی دیاردەی ناشارستانی و لە چوارچێوەی هەڵمەتی ڕێگەگرتن لە ڕوونەدانی ڕووداوی نەخوازراو و دوور لە ئادابی گشتیی و بەهۆی سەرپێچیی و پابەند نەبوون بە بڕیار و ڕێنماییەکان، لە ئەمڕۆوە چوارشەممە 17ـی تەمموزی 2024، لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە هەڵمەتی دەستگیرکردنی سوالکەر و فاڵگرەوە و هەموو ئەوانەی لەبەردەم پیشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێلان کاردەکەن و ئەو منداڵ و مێردمنداڵانەی لە ترافیکەکان کڵ و پێڵ دەفرۆشن دەستیپێکرد.

هەڵمەتەکە بەردەوام دەبێت و سەرجەم ئەو ئافرەتانەی بەبیانوی سوالکردن و فاڵگرتنەوە لە ناوچەی پیشەسازیی باشوور و باکووری شاری هەولێر هەن و هەموو ئەو منداڵ و مێرد منداڵانەی کە لە ترافیکەکان کڵ و پێڵ دەفرۆشن و ئەوانەشی کە لە بەردەم پیشەنگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێلان کاردەکەن، دەستگیردەکرێن و ڕێکاری یاساییان لە بەرامبەردا دەگیرێتەبەر.